# مەكەونە نێو تەڵەی دەستورەوەو
# بەخەباتی خۆتان ئەم سیاسەتە پوچەڵ بكەنەوە!

**سامان كەریم**
zaryak@yahoo.com

لە زنجیرەیەك وتاری بەردەوەمدا، هەوڵدەدەم ڕوانگەو بۆچونی خۆم لە پەیوەند بەمەسەلەی پرۆسەی "نوسینی دەستور"و ناوەڕۆكی دەستورە"وە بخەمە ڕوو. سەرەتا دەمەوێت بۆچونی سیاسی خۆم لەیەكەمین زنجیرەی ئەم وتارانەدا نیشان بدەم لەسەر مەسەلەو سیاسەتێك كە ئەمڕۆ ناوی لێنراوە "قوناغی نوسینی دەستور". پاشان بەندە سەرەكیەكانی دەستور، كە ئێستا لە شێوەی ڕەشنوسی دەستوردا لە جریدە "الصباح"دا بلاوبۆتەوەو پێشتریش بەشی زۆری ماددەكانی لە "یاسای قۆناغی گواستنەوەدا" هاتوە، بخەمە ڕوو. لە باسی ڕۆشنكردنەوەی ناوەڕۆكی دەستورو بەندەكانیدا، مەبەست لەوەیە، كە خەڵكی كوردستان بە وردی ئاگاداربن كە ئەمجارە چ تەڵەیەكی گەورەیان بۆ نراوەتەوەو دەیانەوێت لە ژێر پڕوپاگەندەو دروشمی ڕازاوەی بێناوەڕۆكو چەواشەكارانەدا چ كارەساتو نەگبەتیەكیان بەسەردا بسپەێنن. لەم ریگایەوە هێزەكانی نوسەری دەستور دەیانەوێت چ یاساو ڕیساو فەرهەنگێگی قیزەونو كۆنەپەرستانە بسەپێنن بەسەر خەڵكی كوردستاندا، كە هەمووی چۆن دژ بە ویستو خواستی ئەوانە وە چۆن دەیانەوێت مافی خەڵكی كوردستان بۆ ریفراندۆمو جیابونەوەی كوردستان سەركوت بكەن لە ڕیگای دەستورو یاساوە. ئەحزابی دەسەلاتداری كورد چۆن دەیانەوێت لە پێناو بەرژەوەندی مانەوەی خۆیاندا لەسەر كورسیەكانی حوكم، لكاندنی كوردستان بكەنە بارێكی باوو هەمیشەیی‌و سەركوتی تەواوی خواستو ویستەكانی خەڵكی كوردستان بكەن. بۆیە پێویستە خەڵكی كوردستان، خەباتی خۆیان لە ئێستاوە دەست پێبكەن لە پێناو "ریفرنداۆم پێش دەستور" داو لە پێناو جیایی دین لە دەولەتو ئازادییە سیاسی‌و فەردی‌و مەدەنیەكانو یەكسانی ژنو پیاوو... نەك هەر نەچن بۆ دەنگدان لە ریفراندۆمی دەستووردا بەڵكو ئەم ڕۆژە بكەنە ڕۆژی ریسوا كردنی دەستورو نوسەرانی.

## بەشی یەكەم

باسی دەستورو نوسینی دەستورو ناونانی ئەم قۆناغە بە " قۆناغی دەستوری" حەلقەیەكە لە زنجیرە حەلقەكانی سیاسەتو كاركردێك كە ئەمەریكا لە سایەی سیاسەتی شەڕخوازی‌و داگیركاری خۆی لە عێراقدا دەیباتە پێشەوە، بەهاوكاری هێزەكانی ئیسلامی سیاسی شیعی‌و سوننی‌و پاشماوەكانی بەعسو هەردوو حزبی دەسەلاَتداری كورد لە كوردستانو بەكۆمەكی بێدریغی ڕیكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان، كە بۆتە پاشكۆی تەواوی سیاسەتەكانی ئەمەریكا لەعێراقدا.

نوسینی دەستور كە ئەمڕۆ، حكومەتی گواستنەوەو "پەرلەمانی عێراق"و حكومەتی ئەمەریكاو بەریتانیاو هاوپەیمانیانو ڕۆژنامە ڕاستڕەوەكانی بن دەستیانو میدیای عەرەبی‌و كوردی لە عێراقدا، كردویانەتە سیاسەتی ڕۆژو بەشێوەی جۆراوجۆر دەڕازێنرێتەوەو پڕوپاگەندەی چەواشە كارانەی لە چەشنی "جیگركردنی دیموكراتی"و " ئەوە ئیمەین بڕیار دەدەین"و " سیادەی تەواو بۆ عێراق"ی بۆ دەكەن، لەدرێژەی هەمان سیاسەتدایە كە ئەمەریكا دەیەوێت لەعێراقدا بیباتە پێشەوە لەسەرەتای سیاسەتی شەرخوازی دژ بەعێراقو پاشان داگیركردنی‌و پێكهێنانی مەجلسی حوكمو دواتر نوسینی "یاسای قۆناغی گواستنەوە"و دواتر هەڵبژادرنە گالتەجارییەكەی كۆتایی كانونی دووەمی ئەمساڵو پێكهێنانی حكومەتی گواستنەوەو "پەرلەمانی عێراق". نوسینی دەستورو سەپاندنی بەسەر خەڵكی عێراقدا لە ڕیگای ریفراندۆمێكی چەواشەكارانەوە، بەشێكی جیانەكراوەیە لە سیاسەتو كاركردی ئەمەریكا، كە پێشتریش بەشێوەیەكی ڕۆشنو لەماددەی 59ی "یاسای قۆناغی گواستنەوەدا" ڕاگەیەنراوە.

سیاسەتی نوسینی دەستور لە لایەن ئەمەریکاو هاوکارانیەوە لەکۆنەپەرستانی ئیسلامی سیاسی شیعیو سونییو پاشماوەکانی بەعسو هەروەها ناسیونالیزمی کورد ڕووی لەوەیە کە هەلومەرجی سیاسیو کۆمەلایەتی ئێستای عێراق، لە داگیرکارییو مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکاو نیشاندانی داگیرکاری یە بەشێوەیەکی "شەرعی" لە ڕوانگەی "کۆمەلی نێونەتەوەییەوە"و ئەمجارەیان لەسەر نەفەقەو پارەو پولی خەلکی عێراق، ڕووی لەوەیە کە جەنگی تیرۆریستەکانو تەقینەوەو کوشتاری ڕۆژانەی خەلکی مەدەنی بێتاوانو شەڕی تائیفیو ترس لە ڕودانی شەڕو پێکدادانی قەومی، کۆنترۆلکردنی شارەکان لەلایەن میلیشیا حزبیەکانو زەوتکردنی مافە سیاسیو مەدەنیەکانی خەلکی عێراقو زەوتکردنی مافی ریفراندۆمێکی گشتیو ئازادی خەلکی کوردستان بۆ دەنگدان لە پێناو جیابونەوەو پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ لەکوردستاندا یان مانەوە لە چوارچێوەی عێراقداو بەم پێیەش لکاندنی بەزۆری کوردستان بەعێراقەوەو، هەروەها بەکۆیلەکردنی ژنانو سەپاندنی ئاینی ئیسلام بەسەر خەلکی عێراقو دابەشکردنی خەلکی عێراق بەسەر قەومو ئاینو تائیفەی دینی جۆاوجۆردا ... بکاتە بارێکی باوو هەمیشەیی بیسەپێنێت بەسەر خەلکی عێراق وکوردستاندا.

ئەوان لە ئازاری 2004وە لەکاتی بڕیاردان لەسەر "یاسای قۆناغی گواستنەوە" دەستوری خۆیان نوسیوە. ئەم یاسایەیان کردۆتە بنچینەی سەرەکی بۆ نوسینی دەستوره هەمیشەیەکەیان ئەوە نیە ڕەشنوسی دەستورەکەیان لە رۆژنامەی "الصباح"دا بلاوبۆتەوە، کە خراپترو پیسترو دژی ئینسانی ترە تەنانەت لەویاسایەش. بۆیە نەك هیچ چاوەڕوانیەك لەم حزبو لایەنە قەومپەرستو ئیسلامی و تائیفیە کۆنەپەرستانە ناکرێت بە ئاقاری ئەوەی کە ئەمنیەتو ئارامی بگێڕنەوە بۆ عێراق بەلکو ئەوان دەیانەوێت، هەمان هەلومەرجی دووسالی ڕابوردوو لەجەنگی تیرۆریزمو لە قولبونەوەو فراونبونەوەی رقو کینەو تەفرەقەی قەومی لە کێشەو شەڕی تائیفیو لە کوشتنی هەزارەها ئینسانی بێتاوانو لە نەبونیو گرانیو بێکارییو نەبونی ئاوو کارەباو خزمەتگوزارییە گشتیەکانو زەوتکردنی مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانی خەلکی عێراقو نەبونی ئەمنیەتو ئارامیو بەردەوام بونی داگیرکاری ئەمەریکا، ئەمجارەیان لە ڕیگای ریفراندۆمو بە پەنجە مۆری ئێوە، ئەم هەلومەرجە بکەنە دەستوری وولات. ئەوکات "یاسای قۆناغی گواستەنەوە"یان بە هەمان پرەنسیپو فەرهەنگی بەعس بەدور لە ئیرادەو بڕیاری خەلك نوسیو سەپاندیان بەسەریاندا. ئەمجارە دەیانەوێت هەمان یاسا بە پەنجە مۆری خەلك بسەپێنن، هەروەك چۆن بە پەنجە مۆری هەلبژاردنێکی گالتەجارانەیان بەسەردا فەرز کردن لەپێناو پتەوکردنی دەسەلاتداریتی خۆیاندا کە لەو رۆژەوە تا ئێستا باری ئەمنی وولات بەرەو خراپترو کێشەو تەفرەقەی قەومیو تائیفی بەرەو قولبونەوەی زیاتر ڕۆیشتوەو گەندەلی مالیو ئیداریش ڕوو لەسەر بوە. ئەگەر بێتو ئەم دەستورەیان بۆ بچێتە سەر ئەوا کۆمەلگای عێراق بەتەواوی نوقمی سیناریۆیەکی ڕەش دەبێت کە دووسال زیاترە گیرۆدەیە بەدەستەیەوە.

ئەم پەرلەمانو دەولەتو حکومەتە ناپایەدارو لەرزۆکە لە هەناوی هەلومەرجی سیناریۆی ڕەشی دووسالی ڕابوردوو داگیرکاری ئەمەریکاو لە ڕیگای سەپاندنی هەلبژاردنیکی گالتەجارانەوە بەهاوپشتی ئەمەریکا خۆیان سەپاند بەسەر خەلکی عێراقدا، نەك هیچ شەرعیەتو ئیرادەیەکی جەماوەریان لە پشت نیە بەلکو لەسەرپایەی وردوخاش کردنی ئیرادەی خەلکی عێراق توانیان دەسەلاتی ڕەشی خۆیان بسەپێنن.

ئەم هێزانە بەهاوپشتی ئەمەریکاو میدیای نۆکەریان، دەیانەوێت وا نیشان بدەن، کە مەسەلەی پێکهێنانی دەولەتو یەکلاکردنەوەی مەسەلەی دەسەلاتداریتی لە ڕیگایەکەوە دەڕوات کە ئەوان دیاریان کردوە. ڕیگایەك کە نەك تەنها خەلکی عێراق تیایدا هێشتا ڕیگای پێنەدراوە هیچ دەخالەتێکی هەبێت لە بەڕیوەبردنی کاروباری کۆمەلگاکەو وولاتەکەی خۆیدا، بەلکو هێزە هاوبەشەکانی پێکهێنەری ئەم دەولەتو حکومەتە لەرزۆکو ناپایەدارە، بۆخۆیان لە نێو ململانێو کێبەرکێیەکی سیاسی توندا پەل دەکوتن لەسەر گرنگترین تەوەرە سیاسیەکانی جێخستنی دەولەتو جۆری حوکمڕانی. ئەوان لەنێو خۆیاندا تا ئێستا لەسەر ئەوە ڕیك نین کە جۆری سیستەمی دەسەلاتداریتی لەعێراقدا چییە؟ ئایا عیراق دەولەتێکی عروبیە یان ئیسلامیە یان فیدرالیە؟ لەسەر جۆری فیدرالیەت کۆسپی

گەورەیان هەیە، لەسەر مەسەلەی جێگاو ڕیگای دین بەهەمان شێوەو لەسەر یاساکانو دارشتنی بەپێی تائیفەی ئیسلامیو هەروەها لە پەیوەند بەکێشەی کەرکوكو دەیان کێشەی ترەوە ئەوان لەنێو خۆیاندا خەریکن یەکتر دەخۆن، کەچی دەیانەوێت وا نیشانی خەلکی عێراقی بدەن کە مەسەلەی دەولەتو پێکهێنانی دەولەت تەنها هەنگاوێکی ماوەو ئەویش بڕیاردانە لەسەر دەستور لە ڕیگای پەنجە مۆری خەلکەوە. ئەم پڕوپاگەندەو سیاسەتە درۆیەکی گەورەو ڕیگایەکی چەواشەکارانەیەو پێویستە لە لایەن خەلکی عێراقو کوردستانەوە ڕیسوا بکرێت.

ئەم هێزانە هیچیان ئەهلی پێکهێنانی دەولەتیکی پایەدار نین کە بتوانن ئەمنیەتو ئارامی بۆ کۆمەلگای عێراق بگێرنەوەو خۆیان بەرپرسی یەکەمی شەڕو کێشەی قەومیو تائیفیو فراوانکردنەوەی فەزای نا ئەمنیەتن لە عێراقدا، هەروەك تەجروبەی دووسالی ڕابوردوو نیشانی داوە. تەنانەت ئەگەر پڕۆسەکەشیان بەسەرکەوتن بگات هیچ لە هەلومەرجی ئێستا ناگۆڕێتو بگرە بەرەو خراپتر دەڕواتو کێشەی سەرەکی کە پێکهێنانی دەولەتە لە شوێنی خۆی باقیە. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە مەسەلەی ئەصلی دەستورو نوسینی دەستور ئەوەنیە کە ئەوان بڕیار لەسەر کام دەستور دەدەن، بەلکو مەسەلەکە ئەوەیە کە کێو کام مەرجەع سەرپەرشتی ئەم پڕۆسەیە دەکات؟ کام مەرجەع بڕیاری لەسەر دەدات؟ بەچ میکانیزمێك ئەم مەرجەعە دیاریکراوەو دەوری خەلکی عێراقو کوردستان لەدیاریکردنی ئەم مەرجەعەدا چیبوە؟ وە بەپێی کام مەرجەع بڕیاری لەسەر دەدرێتو لەچ هەلومەرجێکدا دەڕواتە پێشەوە؟ بۆیە مەیدانو نەبەردی خەباتی ئیمەو خەلکی عێراق وەلامە بەم پرسیارانە.

پێویستە ئەم پڕۆسەیەی کە ناوی لێنراوە "نوسینی دەستور"و میکانیزمو پرنسیبەکانی مەحکوم بکرێتو خەلکی عێراق بێنە مەیدان لە پێناو پوچەلکردنەوەی ئەم پڕۆسەیەو خەباتێکی یەکگرتوو ڕیکخراوو بەردەوام لەپێناو کردنەدەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانانیو دەستکۆتاکردنی ئیسلامی سیاسیو ناسیونالیزم و بڕیاردان لەسەر سیستەمی حوکمڕانی ئایندە لەلایەن خەلك خۆیەوەو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەدور لە داگیرکاریو فەزای نائەمنیو سەرکوتی کۆمەلایەتی لە ڕێگای کۆبونەوەو ڕیکخراوبون بەدەوری خواستو داوکاریو ویستە ئینسانیەکانی خۆیاندا. حزبی ئێمە تێدەکۆشێت بۆ سیستەمو حوکمڕانیەك کە خەلکی عێراق لەسایەیدا مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانیان دەستەبەر بکەنو بەدور لەتیرۆرو تیرۆریزمی ئەمەریکیو ئیسلامی سیاسی پەرە بدەن بە ژیانی شایستەی ئینسانیو کۆمەلایەتی خۆیان، تێدەکۆشێت لەم هەلومەرجەدا کوردستان لە ڕیگای ریفراندۆمێکی گشتیەوە جیاببێتەوەو وولاتیکی سەربەخۆی عەلمانی نا قەومی پێك بێنێت.

لە بەشی دووەمدا، چوارچێوەی گشتی سیاسی ئەم دەستورە بە بەراورد لەگەل دەستوری حکومەتی بەعسدا، دەخوێننەوە.